## جغرافیای عمومی استان کردستان

بۆکان و ناوچەی دەوروبەری زیاترین پەیوەندی جوغرافیاییان هەیە لەگەڵ شاری سەقز، پەیوەندی مێژوویش با لە شوێنی خۆی بوەستێت.

چۆمی تەتەهوو – کە لە ساڵی ١٣١٦[١٩٣٧] دا رژیمی ئێران ناوی "سیمینە رود" ی لەسەر دانا، سەرچاوەکانی لە دیهستانی تورجان و مەنگوڕایەتیەوە دێن، تورجان خۆی بەشێک لە سەقزە و رووباری جەغەتوو (زرینە رود) لە رۆژهەڵاتی بۆکانیش لە چیاکانی چل چەمەی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت.

کتێبی "جوغرافیای عمومی استان کردستان"، کە سید یداللە نجفی بە فارسی نووسیویەتی ئەو زانیارییانەی سەرەوە و گەڵێک تایبەتمەندی دیکەی جوغرافیایی شاری سەقز و ئوستانی کوردستانی خستۆتە بەردەست، کە پەیوەندیی بە بۆکانیشەوە پەیدا دەکەن. نووسەر لە باسی بەنداوی بۆکان (سد مخزنی شهید کاظمی) دا دەنووسێت: سوودی ئاوەدێری کردنی تەنیا بۆ ناوچەی میاندواو هەیە بەڵام گۆلەکەی ٢٠٩٠ کیلۆمەتری دوو جا لە زەوی و زاری سەقزی داگرتوە. بەرزایی بەنداوەکە ٥٠ مەتر و پانتایی ١٤٥ مەتر و پانتایی گۆلەکە ٤٥٠٠ هێکتارە. چۆمی خوڕخوڕە، جەغەتوو و سەقز دەچنەوە ناو گۆلاوی بەنداوەکە.

نووسەر هەندێ "یەکەی کێش" واتە واحیدی وەزنی سەقزی دیاری کردوون کە لە بۆکانیش هەر هەمان شتن: سیە، ٢ کیلۆیە؛ پووت ٨ سیە واتە ١٦ تا ١٦.٥ کیلۆ؛ تەغار چوار پووتە و مەن، مەنی تەورێزە کە دەکاتە ٣ کیلۆ.

سەبارەت بە کارخانە ی "دوخانیات"ی سەقزیش نووسیویەتی پێشتر لە تاران دامەزراوە و درەنگتر لە ساڵی ١٣٣٩ [١٩٦٠] دا هێنراوتە سەقز.

هەندێک زانیاریی مێژوویی کۆنیش سەبارەت بە سەقز کەوتۆتە بەرچاو، کە بۆ مێژووی کۆنی بۆکانیش بەکەڵکن: ناوی سەقز "سیزیرتا" و یەک لە پێتەختەکانی ماد بوە، زانیاری سەبارەت بە زێویە و "ئارامائیت"یش هاوڕێ لەگەڵ چەند وێنە لە لاپەڕەکانی ٤٧٠ تا ٥١٥ دا راگە یێنراوە.

سید یداللە نجفی، " جغرافیای عمومی استان کردستان" امیرکبیر، تهران ١٣٦٩ [١٩٩٠]، فارسی.